# نامەیەک لە (جەلال بەرزنجی)یەوە بۆ نەوزاد ڕەفعەت (*)

**ئا: ڕامان**

هاوڕێی خۆشەویست نەوزاد
سڵاو و ماچمان هەیە بۆت
هیوام بەختەوەریتە

ئەو شەوە لە کۆیەم و چەند سەعاتێکە پاییزی ساردی سکتانم(١) جێ هێشتووە... لە فندق سەفینم، تەنیام هەمیشە وەک تەنیاییەکەی سکتان. لەو شارە کەس ناناسم.. لەو فندقە کەس ناناسم.. تاییسی (ئەناتۆلی فرانس)م لایە، نەمتوانی هیچی لێ بخوێنمەوە.. کاتژمێر ١١یە، نەخەوتوومە. نازانم.. تۆ چۆنی... من هەرچەندە لە زۆنگاوی هەولێر دوورتر ئەکەومەوە لە زاتیەت و ئینغلاقی نەفسی ڕزگار ئەبم و تێکەڵاو ئەبم بە شتەکان، بەڵام هەستیش ئەکەم دابڕاوم لە هەندێ سیما و شتی شارستانیەتی، چونکە لە بارێکی وەستاو ئەژیم.... چۆنی لەگەڵ شەقامەکان.. شیعر... خوێندنەوە، هیوادارم باش بیت. من لە خۆم ڕازی نیم، بەڵام هەندێک لە هەولێر چاکتر، چونکە ماندووم... لە تەنیاییەکی بێ تام ئەژیم.... ئەو ماوەیە سەفەری زۆرم کردووە بۆ دەرەوەی دەوروپشتی خۆم... بۆ قەڵادزێ بۆ ڕانیە بۆ چوارقوڕنە، سەنگەسەر... نازەنین.. کاموسک... چی بکەم... ئەمەوێ زاڵ بم بەسەر تەنیاییەکەم...

نازانم عیراق(٢) دەرچووە یان نەء.. وابزانم بە مرۆڤێکی زاتی درامە قەڵەم لاتان لەسەر ئەوەی باسی شیعرەکەم نەکردبوو(٣)... ڕەنگە زاتی بووبم ئەویش زاتیەتی ئەو زۆنگاوەی شارە، بەڵام ئێستا هەست بە (انا) ناکەم لە خۆم... هەست بە خۆشەویستییەکی گەورە ئەکەم.. بەرامبەر... ئەو شتانەی (انا)یان تیا نەماوە... لەو ڕۆژانە بە (بريد).. (کورتە چیرۆک)ێکم نارد بۆ هاوکاری هەر بەناوی ڕۆژنامەکە، نازانم چی بەسەردێ، ڕەنگە هەر بڵاویش نەبێتەوە....(٤).

برای ئازیز! بەڕاستی لە هەولێر... لە شاعیرەکان بیری تۆ ئەکەم و بەس، بۆیە ڕەنگە تۆش و منیش هەست بە جیهانی یەکتر بکەین.

ئەوجا با هەندەک فشە بکەین(٥).....

هاوڕێ

ئەگـەر توانیت... (جـەریدەی عـیـراقی کـوردی)م بە بەرید بۆ ڕەوانە بکەیت مەرکەز تەوزیع سوپاست ئەکەم.

وابزانم زۆر لەوغـەم کـردییـە... چی بکـەین ئەوا چەند ڕۆژە قسەمان نەکردووە هەر تەنیاین.

ئیتر هیوادارم بەختیار بیت

سلاو لە موحسین ئاوارە ئەکەم

لە دڵداریێ ئەگەر پەیات کردبێ



جەلال بەرزنجی

فندق سەفین

کۆیە

١٩٧٧/١٠/٢٥

(*) نامـەشی وەکـو دەقـەکـانی، چونکە لە مـوعـاناتی ڕاسـتـەقـینە و لە خـودێکی پاکـەوە هەڵقـوڵاوە، چۆن ڕاستگۆیی پێوە دیارە.

١- سکتان: ئەو گوندە بوو کە جەلال بەرزنجی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تێیدا مامۆستا بوو.

٢- مەبەستی ڕۆژنامەی عێراقی کوردییە.

٣- مەبەستی هەمان شیعرە کە بۆ ڕۆژنامەی ناوبراوی ناردووە و لای من و (دڵـشـــاد عـــەبدوڵلا)ی باس نەکـردووە، چونکە ئێـمـە لێک نزیک بووین و ئاگاداری یەکتریمان دەکردەوە.

٤- پاش ئەم ڕستەیە، بە خواستی هەردووکمان، چەند ڕستەیەکمان لابرد کە بە باکردنەوەی کای کۆن بوون!

٥- دوای ئەم ڕستـەیەش، هەندێک فشـقـیـاتی نێوان خۆمان نووسراون، چونکە تایبەتین، لامبردن.

(ن.ڕ)